# دە ڕاسپاردە پیرۆزەکە

دەرچوون ٢٠

لە وانەی ڕابردووماندا، بینیمان چۆن گشت چیای سینا دووکەڵی لێ هەڵدەستا لەبەر ئەوەی پەروەردگار خودا دابەزیبووە سەری لە هەورە تریشقە و بروسك بۆ ئەوەی دە ڕاسپاردەکەی بدات بە نەوەی ئیسرائیل. خودا ئاگاداری گەلی ئیسرائیلی کردبوو کە دەست لە چیاکە نەدن کە ئەوی لێیە ئەگەر نا دەمرن. خودا دەیویست فێریان بکات کە ئەو چەن پیرۆزە!

بۆ ئەمڕۆش پلانمان وایە بەووردی تەماشای هەر یەك لەو دە ڕاسپاردەیە بکەین، و بەراوردیان بکەین لەگەڵ ژیانمان بۆ ئەوەی بزانین بەرامبەر خودا چۆنین، خودای پیرۆز. لە بەشی بیستی سیپارەی دەرچوون لەتەورات دەخوێنین. لە پاش ئەوەی خودا دابەزییە سەر چیای سینا لەناوەندی ئاگر و دوکەڵدا، ئەم ووشانەی فەرموو: (من خوداوەند خوداتم، کە لە خاکی میسرەوە دەرم هێنایت، لە ماڵی کۆیلەیەتییەوە.) (دەرچوون ٢٠: ١، ٢)

١.) (لە بەرامبەر من خودای دیکەت نابێت.) (دەرچوون ٢٠: ٣) ئەمە یەکەم ڕاسپاردەیە. پەروەردگار خودا فەرمووی تەنها ئەو دەبێت خودامان بێت. شکۆمەندی خۆی هاوبەش ناکات لەگەڵ هی تر. خودای بەدی هێنەر، تاکە خودایە کە دەبێت بیپەرستین. بەڵام ئەوەی لەم وڵاتە و لە هەموو جیهان دەیبینین شتێکی ترە. خەڵکی مرۆڤی تر بەرز دەکەنەوە بۆ جێگایەك کە تەنها شایەنی خودایە. تەنها ناوی خودایە کە پیرۆز و بەهێزە. تەنها ئەوە شایەنی گشت سەرنج و متمانەمانە. لەگەڵ ئەوەشدا، کاتێ کە خەڵك تووشی کێشە دەبن یاخود ڕوو بەڕووی ڕێگرێك دەبن، یەکەم بیریان ئەوە نیە کە ڕوو لە خودا بکەن و دوعای بۆ بکەن کە هەموو شتێکی درووست کردووە و دەتوانێ هەموو شتێك بکات. لەباتی ئەوە، هیوای خۆیان دەدنە مرۆڤی تر کە وەك خۆیان، وە دەیانخەنە ئەو شوێنەی کە هی خودایە. ئەوانی وا دەکەن خودایەکی تریان هەیە لەبەردەمیان. هەبوونی خودایەکی تریش گوناهە!

٢.) لە ڕاسپاردەی دووەم خودا فەرمووی: (پەیکەر بۆ خۆت دروست ناکەیت...کڕنۆشیان بۆ نەبەیت و نەیانپەرستیت، چونکە من خوداوەند خوداتم خودایەکی ئیرەدارم!) (دەرچوون ٢٠: ٤، ٥)

لەم ڕاسپاردەیە، خودا پێمان دەڵێت کە خۆمان لە پت بپارێزین. پت تەنها ئاگر و ئەو شێوە تراشراوانە نیە کەوا لە هەندێ وڵات خەڵکی دەیپەرستن. پت هەر شتێکە کە دەکەوێتە بەین ئێمە و خودا. بۆ هەندێ کەس، تۆپی پێ خودایانە لەبەر ئەوەی تۆپی پێ لای ئەوان زۆر گرنگ ترە لە خودا. بۆ هەندێکی تر، تەلەفزیۆن دەکەوێتە بەین ئەوان و خودا. گرنگی نادەن بەوەی تەماشای ناو ووشەی خودا بکەن بۆ ئەوەی تێی بگەن، کاتیان نیە بۆ هیچ شتێکی تر جگە لە تەماشای تەلەفزیۆن نەبێ. خەڵکی تریش هەیە کە وەك خۆتان دەزانن نووشتە و شتی وا لەبەر دەکەن کە گوایە خودا بەشیان ناکات. بۆ هەندێکی تر، سەروەت و سامانیان بووە بە جێگری خودا. خودا یەکەم کەس نیە لە ژیانیان، بەڵکو پارە. تەنانەت تێکەڵی شتی وا دەبن کە دڵی خودا خۆش ناکات بۆ ئەوەی پارە بەدەست بێنن. بۆ خەڵکی وا پارە خودایانە. هەر شتێك کە جێگای خودا بگرێت ئەوا بتە.

٣.) لە سێیەم ڕاسپاردە، خودا فەرمووی: (ناوی خوداوەند خودات بۆ شتی پوچەڵ مەهێنە، چونکە خوداوەند ئەو کەسە بێ خەتا ناکات کە بۆ شتی پوچەڵ ناوی دەهێنێت.) (دەرچوون ٢٠: ٧) بەڕاستی، خودا نایەوێت ناوی ئەو بۆ شتی پووچەڵ بەکار بێنین. بەڵام، هەموو ڕۆژ گوێمان لێ دەبێ خەڵکی بەڵێن دەدەن وەدەڵێن (إنشاءالله وا دەکەم و وادەبێ، یان دەچمە ئێرە و ئەوێ) لە کاتێکدا لە دڵی خۆی هیچ نیازی ئەنجامدانی ئەو شتەی نیە. ڕاسپێری (مەشیئەتی) خودا دوورترین شتە لە بیری. ناوی خودا بەکار دێنێت بۆ ئەوەی وا لە دراوسێیەکی بکات باوەڕ بە درۆیەکانی بکات. ئەم شتە گوناهە. هەندێکی تر دەڵێن، (باللە، وام نەکردووە و وام نەکردووە) لەکاتێکدا بەباشی دەزانن کەوا ئەو شتەیان ئەنجام داوە. هەندێکی تر دەڵێن (خودا دەزانی وا ناکەم یان وا دەکەم) بەڵام ئەمانە تەنها درۆ دەکەن. ئەمە بەکارهێنانی خراپی ناوی خودا. ووشەی خودا دەفەرمویێ: (با قسەتان: (بەڵێ) بۆ (بەڵێ) و (نەخێر) بۆ (نەخێر) بێت، لەمە بترازێت لە خراپەکارەکەوەیە) (مەتا ٥: ٣٧)

٤.) لە ڕاسپاردەی چوارەم کە خودا بەگەلی ئیسرائیلی بەخشی، فەرمووی: (یادی ڕۆژی شەممە بکەوە تا پیرۆزی بکەیت. شەش ڕۆژ کار دەکەیت و هەموو کارەکەت دەکەیت...چونکە خوداوەند لە شەش ڕۆژدا ئاسمان و زەوی و دەریا و هەموو ئەو شتانەی تیایەتی دروست کرد و لە ڕۆژی حەوتەمدا پشووی دا.) (دەرچوون ٢٠: ٨-١٠) لەمەدا دەبینین کە خودا ویستی نەوەی ئیسرائیل هەموو حەفتەمین ڕۆژ پشوو بدەن و ناوی خودا بەرز ڕابگرن.

٥.) لە ڕاسپاردەی پێنجەمدا کە خودا بەخشی، فەرمووی: (ڕێزی دایک و باوکت بگرە، بۆ ئەوەی ڕۆژانت درێژ بێت لەو خاکەی خوداوەند خودات پێت دەدات.) (دەرچوون ٢٠: ١٢) لێرەدا دەبینین کە دایك و باوکمان زۆر تایبەتن و شایەنی ئەون شانازییان پێ بکەین، وە دەبێت ئەو ڕێزیان بگرین کە شایەنین. بەڵام، ئەم شتە نابینین لە نەوەی ئەمڕۆدا. دەبینین منداڵان بە شێوەیەکی ناشیاو وەڵامی دایك و باوکیان دەدەنەوە کاتێ دایك و باوکیان قسەیان لەگەڵ دەکەن، و لچی خۆیان شۆڕ دەکەن و دەڕۆن. دایك و باوکی خۆیان بەرز ڕاناگرن. تەنها تووڕەیان دەکەن. بەڵام، ئەمە ئەو شێوەی ژیانە نیە کە لە ڕاسپاردەی پێنجەم فێردەبین. ئیرادەی خودا بۆ منداڵان ئەوەیە کە دایك و باوکی خۆیان خۆش بوێت، بەرزیان ڕابگرن و بەگوێیان بکەن لە هەموو شتێك کە خودا پێی خۆشە و لەگەڵ ئیرادەی ئەودا دەگونجێ.

٦.) لە ڕاسپاردەی شەشەمدا، خودا فەرمووی: (مەکوژە.) (دەرچوون ٢٠: ١٣) لێرە خودا دەفەرموێ: ئەو کەسەی مرۆڤێك بکوژێ، گوناه ئەنجام دەدات بەرامبەر خودا، لەبەر ئەوەی خودا ئەو کەسەیە کە ژیان و گیان دەبەخشێ بەو کەسە. کوشتنی مرۆێك مانای ئەوەیە ڕقت لە خودایە، لەبەر ئەوەی خودا مرۆڤی لە وێنەی خۆی درووست کرد. ووشەی خودا هەروەها پێمان نیشان دەدات کە کوشتن تەنها ئەوە نیە کە ژیانی یەکێك کۆتایی پێ بێنی، لەبەر ئەوەی نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: هەر کەسێک ڕقی لە خوشکی یان برایەکەی بێتەوە بکوژە. (١ یۆحەنا ٣: ١٥) ئەوەی زۆر کەس پشت گوێی دەخەن ئەوەیە کە خودا دادوەری کەسێك ناکات تەنها بەگوێرەی کردارەکەی، بەڵکو هەروەها بە گوێرەی ئەو شتەی بەتەمایە بیکات، واتا بە گوێرەی نیازەکەی! لەبەر ئەوەی خودا تەماشای دڵ دەکات، ڕق و کوشتن لە چاوی ئەو وەك یەك گوناهە.

٧.) لە ڕاسپاردەی حەفتەمدا، خودا فەرمووی: (داوێنپیسی مەکە.) (دەرچوون ٢٠: ١٤) هاوسەرگیری دیارییەکی بەنرخە لەلایەن پەروەردگارەوە. خودا دەزانێ چی باشترین شتە بۆمان، لەبەر ئەوەش، لەپاش ئەوەی ژنێکی بەخشی بە مرۆڤ بۆ هێنان، ویستی ئەو خۆی تەنها بۆ ژنەکەی تەرخان بکات و ڕەتی کردەوە کە تاقە حەزێکی هەبێ بۆ هەر ئافرەتێکی تر. ووشەی خودا دەفەرموێ کە: پێویستە پیاوان ژنەکانیان وەک لەشی خۆیان خۆشبوێت، ئەوەی ژنی خۆی خۆشبوویێت خۆی خۆش دەوێ. (ئەفەسۆس ٥: ٢٨) هەروەها کە: ئەوەی ژنەکەی بێ هۆی داوێنپیسی تەڵاق بدات و یەکێکی دیکە بهێنێت، ئەوا داوێنپیسی دەکات. (مەتا ١٩: ٩) کاتێ خەڵکی لە یاسای خودا دەردەچن و ئەوەی بۆیان حەرام کراوە ئەنجام دەدەن، زۆر جار لە لەشیان ئەنجامەکانی ئەو شتەیان دەردەچێت. بۆیە زۆر نەخۆشی کوشندە تووشی ئەو کەسانە دەبێت کە پەیوەندی ڕەگەزی (سێکسی) لە دەرەوەی بازنەی هاوەسەرگیری ئەنجام دەدەن کە خودا دایمەزراندووە. پێویستە شتێکی تر بزانن: داوێن پیسی هەر ئەوە نیە کە بە لەشمان دەیکەن، بەڵکو بیریشمان دەگریتەوە. سەبارەت بەمە، نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: ئەوەی بە هەوەسبازییەوە سەیری ئافرەتێک بکات، ئەوا لە دڵی خۆیدا داوێنپیسی لەگەڵ کردووە. (مەتا ٥: ٢٨)

٨.) لە ڕاسپاردەی هەشتەمدا خودا فەرمووی: (مەدزە.) (دەرچوون ٢٠: ١٥) ئەم ڕاسپاردەیە ڕوونە. بەڵام دەبێت بزانن کە لە پێش چاوی خودا کە دەبێت دادوەریمان بکات، دزی هەر ئەوە نیە پارە یاخود شتێك بەرین کە هی خۆمان نیە. تەنانەت گەر بێت و بتەوێ شتی خەڵکی تر بەری، بەڵام نەیان بەری، ئەوا تۆ لەناو دڵتا دزی! خودا تەماشای دڵ دەکات. دزی چەن لایەنێکی هەیە. بۆ نموونە، ئەگەر خاوەن ئیشەکەت ئیشێکت بۆ دابنێ، وە پارەت دەداتێ بۆ ئەوەی ئەو ئیشە بکەی، وە باوەڕی وایە کە تۆ ئیش دەکەی لە کاتێکدا تۆ تەنها کات بەسەر دەبەی، ئەوا تۆ دزی دەکەی! بەڵێ، تۆ لە خاوەن ئیشەکەت دزی دەکەی. ئەی سزای دزین و بۆ هەموو گوناهێکی تر چیە؟ سزاکەی مردنە و چوونە ناو ئاگری دۆزەخە کە هەرگیز ناکوژێتەوە!

٠.٩) تۆیەم ڕاسپاردە دەڵێت: (بە درۆ شایەتی لەسەر دراوسێکەت مەدە.) (دەرچوون ٢٠: ١٦) ئەمەش هەروەها زۆر ڕوونە. پەروەردگار خودا خودای ڕاستییە وە هیچ پەیوەندی لەگەڵ درۆدا نیە! مرۆڤ پێی وایە کە درۆی بچوك ڕێگا پێ دراوە بۆ خۆ لادان لە کێشە و پاراستنی ئاشتی. بەڵام لەگەڵ خودای ڕاستی شتی وەك (درۆی بچوك) نیە! خودا دەفەرموێ: هەر کەسێك درۆ بکات ئەوا خەسلەتی شەیتان هەڵدەگرێ، چونکە شەیتان درۆزنە و باوکی درۆیە. (یۆحەننا ٨: ٤٤) شەیتان درۆی لەگەڵ باپیرانمان ئادەم و حەوا کرد، وە بەردەوامە لە هەڵخەڵەتانی خەڵکی بەدرۆکانی! هەر کەسێك درۆ بکات وەك شەیتانە.

٠.١٠) لە ڕاسپاردەی دەیەم خودا دەفەرموێ: (چاو مەبڕە ماڵی دراوسێکەت. چاو مەبڕە ژنی دراوسێکەت و خزمەتکارەکەی و گایەکەی و گوێدرێژەکەی و هەر شتێک کە هی دراوسێکەت بێت.) (دەرچوون ٢٠: ١٧) ئەم ڕاسپاردەیە زۆر بەڕوونی پێمان نیشان دەدات کە خودا دەزانی دڵمان چەن خراپ و پیسە. چاو بڕینە ناو و چاو برسیەتی لەناو دڵی نەوەی ئادەمدا هەیە. دڵە خراپەکانمان وامان لێ دەکات تەماح لە ژنی مرۆڤی تر بکەین یاخود چاو ببڕینە شتێك کە کەسێکی تر هەیەتی و ئێمە نیمانە. ئەمە گوناهەیە، لەبەر ئەوەی ووشەی خودا دەفەرموێ: هیچمان نەهێناوە بۆ جیهان، ئاشکرایە ناتوانین هیچیشی لێ ببەینە دەرەوە. جا ئەگەر خواردن و پۆشاکمان هەیە با پێی ڕازیبین. (١ تیمۆساوس ٦: ٧، ٨) ئەمانە هەر دە ڕاسپاردەکەن کە خودا بەخشی بە موسا و نەوەی ئیسرائیل.

چۆن دەتوانین وانەی ئەمڕۆ کۆتایی پێ بێنین؟ ڕەنگە بە پرسیارێك. فەرموو پرسیارەکە کە هەر یەك لە ئێمە دەبێت وەڵامی بداتەوە: (ئایا من بەگوێی هەر یەك لە دە ڕاسپاردەکەم کردووە؟) ڕەنگە تۆ بزانی کە کاتێ ڕزگاری دەرەکە هاتە جیهانەوە، هەر دە ڕاسپاردەکەی کورت کردەوە بۆ دوو ووتە. فەرمووی:

٠.١) (خودای پەروەردگارمان یەک خوداوندە، جا خودای پەروەردگاری خۆت بەهەموو دڵ و هەموو گیان و هەموو بیر و هەموو تواناتەوە خۆش بووێ!)

٠.٢) (دووەمیش ئەمەیە، {نزیکەکەت وەک خۆت خۆش بووێ}، هیچ ڕاسپاردەیەک لەم دوو ڕاسپاردەیە گرنگتر نییە.) (مارقۆس ١٢: ٣٠، ٣١)

ئێستاش، گەر دەتەوێ خۆت تاقی بکەیتەوە بۆ ئەوەی بزانی ئایا تۆ دە ڕاسپاردەکەت جێ بە جێ کردووە کە خودا بەخشی بە موسا یان نا، دەتوانی دوو پرسیار لە خۆت بکەی.

یەکەم: پەیوەندیم لەگەڵ خودا چۆنە؟ خودام خۆش دەوێ پڕ بە دڵم؟

دووەم: پەیوەندیم لەگەڵ خەڵك چۆنە؟ دراوسێکەم خۆش دەوێ وەك ئەوەی خۆم خۆش دەوێ؟

پەیوەندیت لەگەڵ خودا چۆنە؟ با دڵت بە ڕاستی وەڵام بداتەوە. ئایا خودات خۆش دەوێ بە هەموو بیر و بۆچوونتەوە؟ ئایا خودات خۆش دەوێ پڕ بە دڵتەوە؟ ئایا خودا و ووشەی خودا بە یەکەم شت دادەنەی لە ژیانت؟

ئەی دەربارەی پەیوەندیت لەگەڵ خەڵك؟ ئایا دراوسێکەت وەك خۆت خۆش دەوێ؟ ئایا خەڵکی لە هەموو شتێك بە پێش خۆت دەدەی لە هەموو شتێك؟ ئایا گرنگی دەدەی بە مرۆڤەکانی تر وەك ئەوەی گرنگی بە خۆت دەدەی؟ ئایا ئەو شتانە ئەنجام دەدەی بۆ خەڵکی کە دەتەوێ خەڵکی بۆ تۆی ئەنجام بدەن؟

ئەگەر نەتوانێ وەڵامی هەموو ئەم پرسیارانە بە بەڵێ وەڵام بدەیەوە، ئەوا بزانە کە تۆ لەبەرامبەر خودا تەعەددات کردووە. بە کردەوەی خۆت، ناتوانێ هیوای هیچ شتێك بخوازی جگە لە نەفرەتی دادوەری خودای ڕاستودرووست! نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: بەڵام ترسنۆکان و بێباوەڕان و قێزەونان، بکوژان و داوێنپیسان و جادووگەران، بتپەرستان و هەموو درۆزنان، بەشیان لە دەریاچەی بە ئاگر و گۆگرد داگیرساوە. (ئاشکراکردن ٢١: ٨)

خودا پیرۆزە و ناتوانێ لە شتی ناپیرۆز ببورێ. خودا تەواوە و ناتوانێ هیچ ئیشێکی ناتەواو قەبووڵ بکات. لەبەر ئەوە نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: ئەوەی هەموو شەریعەت بپارێزێت و ساتمە لە یەکێکیان بکات، ئەوا لە هەمووی تاوانبارە. (یاقوب ٢: ١٠) چونکە

به کرداری شەریعەت کەس لەلای بێتاوان نابێت، بەڵکو گوناه بەهۆی شەریعەت دەناسرێت. لەبەر ئەوەی هەموو گوناهیان کرد و لە شکۆی خودا کەوتن (ڕۆما ٣: ٢٠، ٢٣) ووشەی خودا ئاشکرایە: هەموو گوناهیان کرد و هەر کەسێک لە هەموو نووسراوی سپیارەکانی تەورات نەچەسپێت بۆ پەیڕەو کردن، نەفرەت لێکراوە. (گەلاتیا ٣: ١٠)

ئەی باشە بۆچی خودا ئەو دە ڕاسپاردەیەی پێمان داوە ئەگەر کەسمان نەتوانین بیپارێزن؟ ئەمە پرسیارێکی زۆر گرنگە و لە وانەی داهاتوو دەخوێنین چۆنیەتی وەڵامی خودا دەبینەوە.

دەبا خوداش بە بەرەکەتت بکات و ئەم ڕاستییە گرنگەت بۆ ئاشکرا بکات کە لە ووشەیدا دەڵێت:

ئەوەی هەموو شەریعەت بپارێزێت و ساتمە لە یەکێکیان بکات، ئەوا لە هەمووی تاوانبارە. (یاقوب ٢: ١٠)



## گرنگترین پرسیارەکان بۆ ئەم وانەیە:

١. ئایا خۆت بەگوێی هەر یەك لە دە ڕاسپاردەکەت کردووە؟
٢. پەیوەندیت لەگەڵ خودا چۆنە؟ خودات خۆش دەوێ پڕ بە دڵت؟ با دڵت بە ڕاستی وەڵام بداتەوە؟
٣. پەیوەندیت لەگەڵ خەڵك چۆنە؟ دراوسێکەت خۆش دەوێ وەك ئەوەی خۆت خۆش دەوێ؟
٤. ئایا خودات خۆش دەوێ بە هەموو بیر و بۆچوونتەوە؟
٥. ئایا خودا و ووشەی خودا بە یەکەم شت دادەنەی لە ژیانت؟
٦. ئەی دەربارەی پەیوەندیت لەگەڵ خەڵك؟
٧. ئایا دراوسێکەت وەك خۆت خۆش دەوێ؟
٨. ئایا خەڵکی لە هەموو شتێك بە پێش خۆت دەدەی لە هەموو شتێك؟
٩. ئایا گرنگی دەدەی بە مرۆڤەکانی تر وەك ئەوەی گرنگی بە خۆت دەدەی؟
١٠. ئایا ئەو شتانە ئەنجام دەدەی بۆ خەڵکی کە دەتەوێ خەڵکی بۆ تۆی ئەنجام بدەن؟
١١. بۆچی خودا ئەو دە ڕاسپاردەیەی پێمان داوە ئەگەر کەسمان نەتوانین بیپارێزن؟